
## ب- ئاسیای بچووك[٢١]

له ئاسیای بچووك تەنها یەك تەرزە دەزگای كاروانسەرا هەیە كە جیاوازی هەبێت لەگەڵ كاروانسەراكانی میزۆپۆتامیاو ئێران. بەڵام لە ڕووی پەیوەند بە ژوورەكان و پاراستنی مێوان و گیانەوەر و كەلوپەلەكان ئەویش هەروەكو ئەوانەی تره، سەبارەت بەوەی كە ئەو هەرێمانە لە هەرێمەكانی خوارووتر بارانتر و شەوەكانیان ساردترن، بۆیە كاروانسەراكانیان ژووری داخراویان زۆرتره.

لە ڕووی مێژووی بیناكاری، كاروانسەراكانی ئاسیای بچووك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەكانی ١٢ تا ١٤-ەم، واتە سەردەمەكانی حوكمڕانی سەلجوقیيەكان، ئەوانەش خاوەنی هەمان تەرزن، چ لە ناوچەكانی ناوەوە، لەسەر ئەو جادانەی كە بەرەو (قونیە) دەچن، چ لە كەنارەكانی دەریای ناوەڕاست. هیچ كاروانسەرایەكی كۆنتر لەمانە، تا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەدیتراوە. لە دوای چەرخی گەشانەوەی سەلجووقیيەكان، وێران بوون و نەهاتنی بۆ جادەو كاروانسەرا یادگارەكان، شانبەشان لەگەڵ كزبوونی بازرگانی و هاتوچۆ، دەستی پێكرد و بەرەو نەمان چوون. لە سەردەمەكانی دواتر تەنها بە دابینكردنی ئاتاجیيەكان و ئاواكردنەوەی هەندێ بەشی بیناكانی سەلجووقی وازیانهێناوە، یان ئەوەتە لە مەیدانە نوێكانی بازرگانی بینای سادەو ساكاریان تەنها بۆ پڕكردنەوەی پێویستیيەكان دروستكردووە. بۆیەشە بە باسێكی كورتی كاروانسەراكانی سەلجووقی واز بەو بەشە دەهێنین، ئەو كورتە باسەش لە لایەن (زارێ) و (لانكۆرۆنسكی)[٢٢] سەری هەڵداوەو نەخشەی زەمینیی هەندێكیشیانی پێشانداوە، ئەم باسانەی خوارەوە لەم بارەیەوە، بە شێوەیەكی گشتی لەم دوو چاوگە وەرگیراون، چونكە من لە كاتی كورتە گەشتەكەم بە ئاسیای بچووك، دەرفەتی ئەوەم نەبوو، كە نەخشەی كاروانسەراكان بكێشمەوە.

یەکێك لە کاروانسەراکانی سەردەمی سەلجووقی، کە تا ئێستا بە باشی ماوە، کاروانسەرای بەرێژە بچووکی (ئاك Ak)ە کە لە (گوندیارلی Gondjarly)[٢٣] ، کە وەستگاییێکی شەمەندەفەرە لە (سمورما- ئیزمیری ئەمڕۆ. ع. د.)وە بەرەو (Aidin)، وەکوو گەلێك لە بینا یادگارەکانی ئەو قۆناغە، لە بەردی پاشماوەی شارە دێرینە وێرانبووەکان بیناکراوە، بەو شێوە ئەو بینایەش لە بەردە مەرمەڕەکانی (Laodicaea)ی هاوسێی دروستکراوە. لەلای دەرەوەیەوە کاروانسەرای (ئاك) وەکوو قەڵاییێکی کەلووداری ئاوێتەی دوو چوارگۆشەی ڕووبەر جیاواز خۆدەنوێنێ. نەخشەی ئاسۆیی زەمینەی (وێنە ٢٦) پێك هاتووە لە دوو پارچە، حەوشەیەکی چوارگۆشەیی لا ١٩م، کە بەشە بینای جۆراو جۆری تێدایە، لەگەڵ لاکێشەیێکی (١٣,٥ × ١٢)م لەلای باکووریەوە کە بە هۆی دوو ڕێزە ستوون کراوە بە سێ بەش و میچێکی چەماو سەری گیراوە.



وێنە ٢٦: کاروانسەرای ئاك لە گوندیارلی

**(Sarre: Reise in Klein- Asien Berlin 1897, D. Reimer.)**

ئـەو كاروانسـەرايە يـەك دەرگـای هەيـە، كـە دەكەوێتـە باشـووری حەوشـەكەی و بـە نەخش و نيگار ڕازاندراوەتـەوە (تەختـە ٤)، بەرامبـەری ئـەوەش دەروازەيێكـی ڕازاوەی تاقدار بۆ بەشی پێشەوە هەيە. لـە ڕووخساری سـتوون و تـاجی سـتوونەكان شـێوەكاری بێزەنتی و ڕۆمی تێكەڵ يەكتر كراوە. كەلله سەرێكی گۆرگۆنـی[٢٤] ڕۆمـی سـەردەمەكانی دوايـی لـە ڕووی دەرەوەی، نيگـاری بـاڵداران لـە تـاجی سـتوونەكانی دەروازەو، دوو بنكـە ڕاگـرە سـەر شـێريەكەی حەوشـە، لـەوە دەچێـت كـە هـەموو پێكـەوە دروسـتكرابن. سەلجووقیيەكان نيگار و پەيكەريان زۆر لە پێكهاتەی بيناكان بەكارهێناوە، هەرچـەندە ئـەوان ئيسلامی سـوننەش بـوون، ئـەوەش پـەيوەنديداری سـەلجووقیيەكان بـە ئـێران و هەند هەڵنەگرتنی ديدی مەزهەبی لە لايەن ئەميرەكانی سەلجووقی پێشاندەدان، كە لـە نزيكـەوە كـەلتووری مەسـيحايەتی بێزەنتیيـەكان بـوون. لەملاولـەولای دەروازەی كاروانسەراكانی (ئينجير Indjir) و (ئەداليا Adalia) كە لە ١٢٣٨ ز دروستكراوە، دروشمـی سـوڵتان لەسـەر پارەيـەكی (خوسـرەوی دووەم) وێنەكێشـراوە: دووشـێر، كـە ئـارامی هەنگاويان هەڵهێناوەو ڕۆژێكيان لە پشت هەڵاتووە.

ئاوا هەروەكو كاروانسەرای ئاك، كاروانسەراكانی تری سەلجووقی بينـاكراون، هـەموو پێكدێن لە پێشحەوشەيەك، كە بۆ باردانان و باركردنی وڵاخە بارییەكانی كاروانچیيان بەكارهاتووە، ژوورەكانی دەورەی حەوشەش بە شێوەيەكی گشتی بۆ كۆگا، وەكوو تەوێلە لـە كـاتی گـەرما، يـان وەكـوو چاخانـەی چێشـتخانە بـەكارهێنراون. بـەڵام بينـا بچووكـە ميچچەماوەكە تەنها بۆ حەوانەوەی موسافير و گيانەوەران بەكارهاتووە. لە حەوشەكەی پێشەوە، وەكوو هی كاروانسەراكانی ميزۆپۆتاميا، سەكۆيەكی يەك مەتر بەرز هەيـە بـۆ پشوودان و دانيشتن.

لە كاروانسەرا بچووكەكانی ئاسيای بچووك، جياوازی تەنـها لـە ڕووی گـەورەيی، يـان لە وردەكارییە كەم تا زۆر سەرنجڕاكێش و ديكۆرئامێزەكانە. بەو شێوەيە كاروانسـەرای (ئوبـروك Obruk) كـە لـە نێوانـی قونيـەو سـوڵتانخان، كـە پێدەچێت لـە سـەدەی ١٣-١٤ دروستكرابێت، بە هۆی دەروازە زل و زەبەلاحەكەی سەرنجی بينەر بۆ خـۆی ڕادەكێشـێ (تەختە ٤).


لەسەر جادەی ئەدالیا بەرەو (ئیسپارتا Isparta) لەناو بەشە داپۆشراوەکەی کاروانسەرای (سوسوس Susus) سەکۆیەك بۆ موسافیران دروستکراوە. حەوشەکەی پێشەوەی تەنها بە هۆی میچی چەماوەی ژوورەکانی دەوری حەوشەو دیوارەکانیان دەناسرێتەوە، کەچی بەشە چوارگۆشە داپۆشراوەکەی، نزیکە هێشتان هەر ماوە، دیوارە ئازادەکانی ئەو بەشە، هەشت قوللەی بازنەیی و هەشتگۆشەیی هەیە، کە تەنها بۆ پشتگیری دیوارەکان بەکارهێنراون. لە ناوەوەش ئەو ژورە میچچەماوە، کە ٢٦,٥٣ × ٢٥,٧٤ م فراوانە، ١٦ دینگەی برگە چوارگۆشەیی هەیە، کە ژوورەکە دابەشی پێنج بەش دەکەن. بەشەکەی ناوەڕاست کە ٤,٨٥ × ١٠ مەترە، بەرزترین بە شەو بە میچێکی چەماوەی کەوانتیزی تونێلی، کە لەسەر پشتێنەپیەکی بۆ پێشەوە دەرپەڕیوە سەرپۆشکراوە. گومەزێکیش خراوەتە سەر بەشی ناوەڕاستی ئەو میچە تونێلییە. لە دەرەوەڕا گومەزەکە وەکوو بینایەکی هەشتگۆشەیی دەکەوێتە بەرچاو، پەنجەرەکانی کەمەری گومەزەکەو پەنجەرە بچووکەکانی دیواری دەرەوە ڕوناکی دەدەنە ناوەوەی ئەو بەشە. ئەو سەکۆیەی کە باسکرا نزیکەی مەترێك بەرزەو دەکەوێتە نێوان دوو گروپەی هەشتینگەیی، لەملاوئەولای بەشەکەی ناوەڕاست. ئاخوڕ و ئەلقەسنگ لە ڕووی ناوەوەی دیواری دەرەوە بۆ وڵاخان قایمکراوە. دەروازەکەی بە جووتە پەیکەرێکی باڵدار و تەشکشۆڕ، لە چەشنی ئەوانەی بازاڕی قۆنیە، ڕازاوەتەوە.

قەشەنگترین کاروانسەرای ئاسیای بچووك و هەروەها جوانترین ساختومانی سەلجووقی کە تا ئێستا ماوەتەوە خانی سوڵتانە، لە ڕۆژهەڵاتی قۆنیە لە نزیك (ئاکسەرای Akserai). بە بەرینایی ڕووی پێشەوەی ٦٦,٠٣ م و بە درێژاییی ١١٨,٧ م بریتییە لە گەورەترین کاروانسەراکانی قۆناغی سەلجووقی. جگە لەو خانی سوڵتانەی کە لە لایەن (Comte de Cholet) باسکراوە، لە نێوانی (قەیسرییە Kaisarie) و سێواس، کە گوایە ١٠٠ × ٢٠٠ م گەورە بووە و جوانترین نموونەی هونەری ئاسیایی و عارەبی بووە. دەنا لە هیچ شوێنێکی تر باسی (خانی سوڵتان) نەبیستراوە.

کاروانسەرای سوڵتان (وێنە ٢٧) کە لە ساڵی ١٢٢٩ لە لایەن بەناوبانگترین ئەمیری سەلجوقی (سوڵتان عەلائەددین کەیقوباد)ی یەکەم دامەزرێنراوە دەکەوێتە سەر خاڵی

ستراتیجی بە یەکگەیشتنی سێ جادەی (Angora- Ancyro) و (Ladicaea- Ladik) و (Konia- Ikonium) و (-akserai- Archilais). بۆیەشە وا گەورە و قەشەنگ و ڕازاوە دروستکراوە. دیوارە ئەستوورەکانی دەرەوەی ٢,٥٥ م، کە لە دوو چینی تەریبی پڕکراوە بە قوم ووردکە بەرد پێکهاتووە، بە هۆی قوللەی چوارگۆشەیی و هەشتگۆشەیی پشتگیر کراوە، کە درێژی هەر لاییێکیان ٣ تا ٤ مەترە. پێشحەوشەکەشی بەردڕێژکراوەو لە سێ لاوە بە ژوور پەرژینکراوە. لە باکووریەوە ١٠ تەوێلەی نزیکە ١٠ م قوول هەیە، کە بە میچی چەماوە و تونێلی ٧ م بەرز داپۆشراون، لوتکەی کەوانەکانیان بەرەو حەوشە کراونەتەوەو بە نێوان کەوانەی ٢ م و ٤ م بەرز لەگەڵ یەکتر پەیوەستکراون. لەلای باشوورەوە ژووری قوول قوول هەڵکەوتوون و دەرگایان بۆ کراوەتەوە، هەندێکیان وەکوو کۆگا یان ژووری حەوانەوە بەکارهێنراون. لە باڵی دەروازەکەیەوە، ژوورێکی سۆپادار هەیە، ئەو ژوورە بۆ حەوانەوەی پاسەوانانی کاروانسەراکە بووە. هەروەکوو کاروانسەرای (Ishakli) و ئەوانەی تر، هەروەها وەکوو کاروانسەرای شارەکان، لە ناوەڕاستی حەوشە مزگەوتێکی بچووك هەیە، کە بریتییە لە خانووێکی چوارگۆشەو لەسەر خاچە میچێکی چەماوە بنیاتنراوە.

لە دەروازەیەکی ڕازاوە لە حەوشەوە دەچیتە ناو بینا داخراوە میچچەماوەکە، لە ناوەوەدا نزیکەی ٢٩ م بەرین و ٥٣ م درێژە. گومەزیکی تونیلی بەرز کەوتۆتە ناوەڕاستی تەوەرە درێژەکەی، لەو تونیلە گومەزییەوە، لە هەر لاییێك ٦ تونیلی گومەزی نەویتر هەن. کە بە هۆی دوو کەوانە بە یەکترەوە بەستراون لە ناوەڕاستی بیناکە گومەزێك هەیە، کە لەسەر کەمەرەیەکی بەرز وەستاوە، ئەو کەمەرەیەش نیوەی ژێرەوەی چوارگۆشەیی و نیوەی سەرەوەی هەشتگۆشەیی خۆپیشاندەدات. ئەوەش بە بانیکی کراوەی هەرەمیی سەری داپۆشراوە. وەکوو هەموو کاروانسەراکانی تری لەم تەرزە، لیرەش جگە لە دەروازەی سەرەکی کاروانسەراکەو دەروازەیەکی دووەم لە حەوشەوە بۆ بینا داخراوەکە، دەرگاییکی تری بچووکی ناسەرەکیش لە رووی پشتەوە بۆ ئەو بەشەی دواییان کراوەتەوە.




**وێنەی ٢٧: نەخشەی ئاسۆیی خانی سوڵتان**

**لە (Serre: Reise in Klain- Asien. Berlin 1896. Dietrich Reimer) وەرگیراوە**

لە کاروانسەراکانیتری سەلجووقی، وەکوو کاروانسەرای (خوراسلی Chorasli) لە قونیە، (ئەڤدیر Ewdir) لە (Termenos) و (ئینجیر Indjir) لە دالیا، ئەمڕۆ تەنها بینا میچچە ماوەو داخراوەکەیان دەناسرێتەوە. بەڵام بە هۆی کەلی (لە کەلێنەوە) پەیوەستەکانی دیوارو میچەکانە لەلای پێشەوەیان ئاشکرا دەبێت کە پێشتر بەشی پێشحەوشەیان هەبووە، یان بەلای کەم نەخشەی دروستکردنیان لە ئارادا هەبووە، بە شێوەیەك کە تەرزی کاروانسەرای تەنها لە بەشی داخراو پێکهاتووە.

## ج-دامودەزگای بچووکی هەمەجۆر


کاروانسەرا نویکان، بە تایبەت هی سەر ئەو جادانەی کە هاتوچۆیان زۆر بەسەرەوە نەبووە، بە تەواوەتی لە کارەکتەر و روخساری مۆنۆمینتالی بە دوور کەوتوونەتەوە، تەنها بە مەبەستی بەکارهینان و سوودلیوەرگرتن بۆ دابینکردنی ئاتاجی‌یەکان هاتوونەتە دامەزراندن و هیچ جۆرە هونەریکی ئارشیتیکتوری و جوانکاریان تیدا خەرج نەکراوە. گەورەیی ژوورەکانیان هەرگیز لە سنووری پیویستی‌یەکان نەچۆتە دەرەوە. بەلام شیوە دیرینە لاکیشەیی‌یەکەیان هەر تیدا ماوە، دەوروبەرەکەشیان وەکوو کاروانسەرای گەنئاخی (Genachi) (وینە ٢٨) لەسەر ریگای دیاربەکر بەرەو (سیڤرك Sewerk) بە تەواوی بە خانوبەرە گیراوە.




وینەی ٢٨: خانی گەنئاخی لەسەر جادەی دیاربەکر- سیڤەرەك

ئەو ساختومانە ٥١,٦ م دریژ و ٣٠,٤٠ م بەرینە، سێ بالی هەیە لە دەوری حەوشەیەك، لە بالی لای باشووری دالانی دەروازەکەی بۆ کراوەتەوە. لە بالی باشوور و بالی رۆژئاوای ناوە ناوە پچراوەو لە شوینگە پچراوەکان ژووری دوو هۆدەیی تیدا


دروستکراوە، ژوورەکەی لای حەوشەیان دەرگای لەناو تەوێلە تاقدارەکەی لای حەوشە بۆ کراوەتەوە. باڵی باکوور، بەرەو حەوشە، بۆ چوار ژوور و نێوانە هۆڵێك دابەشکراوە، لەناو نێوانە هۆڵەکەوە دەرگایێك دەچێتە ناو تەوێلەیەکی تر، کە یەك بە درێژایی باڵی باکوور لە پشتەوەی ئەو ژوورانە هەڵکەوتووە. ژوور و تەوێلەکان بەرەو دەرەوە پەنجەرەیان هەیە، ئەو دیاردەیەش لە کاروانسەراکانی تر بەدی نەکراوە. وەستای ئەو بینایە، بایەخێکی زۆری داوە بە ستوونی تاقەکانی دیواری دەرەوە. ئەوانەو ئەوانەی ناوەڕاست تەوێلەکان، لە بەردی نەقاڕی دروستکراون. سەربانەکەی بە چینە قوڕینەکانەی تر گیراون (واتە شەقڵەو حەسیر و خۆرەبان و قوڕەپەست و پاشان سواق. ع. د) لە گوندەکان، کە بە هۆی خانووە کۆنترەکان شوێن کەم بۆتەوە، ڕووی جادەیان، یان دوو باڵەکەی تریشیان دوو نهۆمیی دروستکراون و سوودی هەمەجۆریان لێ وەردەگیرێت، زۆربەی جاران نهۆمی زەمینی لای جادە، فرۆشگای تێدایە، هەروەکوو (خانی زەرد)ی نێوان فورات و ئورفە (تەختە ٥)، جگە لە تەوێلەی ولاخان لەلای حەوشە، کۆگاو بارخانە بۆ کەلوپەلی موسافیران شتێکی باوو عادەتە. خانی (دەرەسوور) کە بە هۆی پلیکانەیەکی بەردینی دەرەکی دەچێتە نهۆمی دووەمی، خانی ئاخبار (وێنە ٢٩) لە دیاربەکر و گەلێکی تر لە تەرزە دوو نهۆمییەکانن. (کاروانسەرای محەممەد) لە گردۆڵکەکانی تەقتەق لە نێوان ئورفەو وێرانشەهر (وێرانەشار) لەمەش شاکارتر دروستکراوە (وێنە ٣٠)، سەبارەت بە شاخە بەردینەکەی دەوروبەری نەتوانراوە بیناکە زۆر پانوپۆڕ دابمەزرێنرێت، جگە لەوەش کەمی هاتوچۆ لەسەر جادەکە، پێویستی بە کاروانسەرایێکی بچووك هەبووە، لەبەر هەندێش تەنها ژوورێکی درێژی ٦ م بەرین بۆ تەوێلە دروستکراوەو بە میچێکی چەماوەی تونێلیی داپۆشراوە، لە کۆتایی لای ڕۆژئاوایەوە خانوێکی حەوانەوەی بچووکی بۆ زیادکراوە، کە دوو ژووری مێوان و ژوورێکی پاسەوانان و پێشهۆڵێکی هەیە. بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەشی، سەبارەت بەوەی کە کەوتۆتە ناوچەیەکی بەرداوی، کاروانسەرای محەممەد لەبەرد دروستکراوە، بەڵام لە ناوچە گرداوییە دارستانەکان، ژوورەکانی حەوانەوە بە هەمان شێوە لە دار دروستکراون، بۆ نموونە کاروانسەرای (تورۆس) لە دەروازەی (Cilici) (وێنە ٣١). ئەو خانووانە وەکوو مێوانخانەیەکی ناوچەکانی ئێمەو کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵاتیین.




وینەی ٢٩: خانی ئاخبار لە دیاربەکر (نهۆمی سەرەوە)




وێنە ٣٠ خانی موحەممەد لە تەقتەق




وێنە ٣١ مێوانخانەی تۆروس